**پارتی کۆماری کوردستان**

**بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان**

**رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان**

**کۆمەڵەی چەوساوەکانی کوردستان**

سوپاستان دەکەین بۆ ئەو نامەیەی کە بەرواری ٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٣ بەرزکراوەتەوە سەبارەت بە ژمارەیەك کێشە کە ئێمەش بەو ناونیشانانە وەڵامتان دەدەینەوە.

## حکومەت لەعێراق :

دەستەی کاتی هاوپەیمانان، وای پێشنیار کردیە لەناوەڕاستی حوزەیرانی ٢٠٠٣، ئەنجوومەنێکی سیاسی لەعێراق کە لە ٢٥ کەسی عێراقی پێك دێت، لەهەموو بەشەکانی کۆمەڵی عێراقی بێت ئەو ئەنجوومەنە نوێنەرایەتی سیاسەتی عێراقیو هێزی دەسەڵاتی بەرێوەبردنی هەیە لەدەست نیشانکردنی وەزیرەکانیشەوە، هەروەها ئێمە پێشنیاری ئەنجوومەنێکی دەستووریمان کردووە لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا، دەستوورێك دادەرێژین لەسەر دەستی عێراقیەکان بۆ عێراقیەکان، بەرەچاوکردنی مێژوو پێکهاتەی کۆمەڵی عێراقی کە لەسەری رێکن بۆ ئەوەی لەرێگای دەنگدانو هەڵبژاردن بکرێت.

دەستەی هاوپەیمانان پشتگیری لەعێراقێکی فیدرالی دەکات کە تیایدا رەچاوی پرنسیپەکانی کۆبوونەوەی ناسرییە دەکات.

ئەنجوومەنی سیاسیو دەستوری مافی سروشتی خۆیەتی بریار لەسەر فیدرالیزم لەعێراق بدات.

## داخوازییەکانی موڵکایەتی :

دەستەی کاتی هاوپەیمانان لەسەرەتادا مامەڵە لەگەڵ پرۆسەیەکی نێودەوڵەتی خاوەن دیکۆمێنت دار دەکات لەمەسەلەی داخوازی مولکایەتی، ئێمە رێکخراوی ئاوارەکانی جیهانیمان رێگا پێداوە لەعێراق مەکتەب بکاتەوە بۆ گرێ بەندکردنی داخوازیکاری موڵکایەتی لەو وڵاتەدا. کە دادگایەکو بانێلێك (لائحە) دەبێ بۆ بریاردان لەو مەسەلەیە ئێمە پشتیوانیمان کردووە لە لێپرسراوەکان بۆ ئەوەی خەڵك بەزۆر دەست بەسەر زەویو زارو کاری جۆراوجۆر دانەگرن کە لەگەڵ کارە رەسمیەکانیانە.

## بەعسیاتی بوون :

باڵیۆز بریمەر و لێپرسراوی دەستەی هاوپەیمانان بریاریان داوە هەر عێراقیەك کە لەچوار پلەی حزبی بەعس بەشداری کردووە رێگای پێ نادرێ لەفەرمانگە حکومیەکان کار بکات.

ئەم بریارەش پەیوەستدارە بە هەموو عێراق بەتایبەتی بەوانەی کە تاوانیان دژ بە خەڵکی عێراق کردووە بدرێنە دادگا.

**كارو دادگاى كۆمەڵگا :**

دەستەی کاتی هاوپەیمانان کار دەکا بۆ ئەوەی مووچــەی پێشــمەرگە لـەماوەی داهـاتووداو مووچـەی ئـەو سـەربازانە، بـدات کـە لـەنیو سـوپای عـیراق دا بـوون. UN دریـژە بــەکارەکانی خــۆی دەدا تــا ٢٠٠٣/١٠/٢١ لەبەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراك کە ئەو کاتە تەسلیم بە دەستەی هاوپەیمانان دەکریت. کـە هـەولدەدەین دانیشتوانان کەمتر پشت بەو خواردنەی حکومەت ببەستن.

دەستەی هاوپەیمانان بۆ ماوەیەکی کورت تجنید کردن دەکاتەوە بـۆ سـوپای عـیراقی نـوێ، هـەروەها بـۆ هیزی پۆلیس، گرنگی‌یان پێ دەدەین بۆ ئەوەی بچنە بن باری تجنید کـردنو سـەردانی مەلبـەندەکانی تجنیـد بکەن کە لەو ماوانەدا دادەمەزرێ.

**ژنـــــان :**

دەستەی کاتی هاوپەیمانان کار دەکا بۆ بەرەو پیش بردنــی ژنـانی عـیراقی کـە نوینەرایـەتی باشـتر بکـەن لەبواری ژیانی حکومی و سیاسیدا بەشداری پرۆسەی بریاردان بن.

ئیمە سوورین ژنانی عیراقی ببینین رۆلیکی یەکلاکەرەوەیان هەبێ لەپیشکەوتنی کۆمەلگای عیراقیدا.

**مەسەلە ئابووريەكان :**

کیشەی دراوی عیراقی ئیعتباری بۆ دەمینێ تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی سیاسی بریاری خۆی لەسەر دەدا.

لەمانگی داهاتوو دا بودجەی ٢٠٠٤ دەست پێ دەکا.

تکایە لەگەڵ پەیوەندیماندا بــن بـۆ هـەر مەسـەلەیەکی دیکـە لـەداهاتوودا کـە دەخـوازن گفتوگۆی لەسـەر بکەین.

**نووسینگەی هاریکاری هەریمایەتی**
**دەستەی کاتی هاوپەیمانان / باکوور**